باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، سەرکۆنەی هێرشکەی سەر کەرکووک دەکات



باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، سەرکۆنەی هێرشکەی سەر کەرکووک دەکات و ڕایگەیاند، داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەین بەکاری پۆیست و دەستبەجێ بە لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی ئەم هێرشە تیرۆریستییە بگرێتبەر؛ هاوکات جەختیش دەکاتەوە، دەبێت سەرجەم چەکەکان، بەتایبەتی درێن، مووشەک و بۆمبەکان، لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بن.

پێنجشەممە 27ـی تشرینی دووەمی 2025، باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ڕاگەیەندراوەکی لەبارەی هێرشەکەی سەر کەڵگەی غازی کەرکووکەوە و تێیدا ئاماژەی داوە، ئەمریکا بە تووندی ئیدانەی هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر کەڵگەی غازی کەرکووک دەکات.

دەشێت: ئەم لێگە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هاوبەشە عێراقییەکانی دیکەمان، داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەین بەکاری پۆیستە دەستبەجێ بە لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی ئەم هێرشە تیرۆریستییە بگرێتبەر، کە ئەمە نوێترین زنجیرە هەوڵی لایەنە تەکدەرەکانە بۆ شێواندنی سەقامگیریی عێراق و بەئامانجگرتنی وێبەرهێنانەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان.

لە ڕاگەیەندراوی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا هاتووە، ئەم ئامادەین پشتیوانی لە هەوڵەکانی پاراستنی ئەم ژێرخانە گرنگە بکەین و بەردەوامیش دەبین لە جێکردنەوە لەسەر گرنگیی سێپاندنی سەروەریی عێراق لە هەوبەووبوونەوەی ئەو هەوڵانەی بە لاوازکردنی دەدرێن.

باڵیۆزخانەی ئەمریکا جێختیش دەکاتەوە، دەبێت سەرجەم چەکەکان، بەتایبەتی درێن، مووشەک و تەقەمەنیکان، لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بن.